# پرۆسەی بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری کوردستان . .

# The infrastructure Economy of Kurdistan



خەسرەو پیریاڵ

ئەمرۆکە کوردستان وڵاتێکی کراوەیە لەڕووی هەموو کومپانیاکانی جیهان، لە بەرنامەی نیشتیمانیدا هاتووە کە بودجە و نەخشەسازی دابینبکرێن، بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئابووریی وڵات و هەروەها کار بۆ درووست کردنی ژێرخانێکی بەهێز و پتەو بکرێت، بەرنامەی گشتیی حکوومەتی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی لە ئیستراتیجیەکی دیاریکراودا دەبینرێت، کە گرینگی بە کەرتی تایبەت بدرێت و هانا بۆ هەموو لایەنێکی تریش ببرێت بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئابوورییەکی سەربەخوی کوردستانی..

بۆ پڕوسەی ئابووری و سوودوەرگرتن لە بەرنامە و یارمەتییە نێودەوڵەتییەکانیش، پێموابێت ئێستا سیماکانی قوناغێکی نوێ دەستی پێکردووە، بەو واتایەی کە ئێستاکە یارمەتییەکان کە دەگەنە کوردستان، بۆ کاری مرۆیی نییە و ناچنە نێو قالبی هاوکاری و یارمەتیدانی لێقەوماوان بەڵکو لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی دارێژراودا و بە پلانێک و ئیستراتیجیەتێکی گوونجاو لەگەڵ ئابووریی کوردستاندا، دەبێت لە چوارچێوەیەکی زانستیدا کاریان بۆ بکرێت.

کارکردن بۆ بەهێزکردنی ئابووریی وڵات، دەبێت لە بنەما تەقلیدییەکان بچێتە قوناغێک و جۆر و شێوازێکی تری کارکردنەوە، زۆر قسە و پێشنیار و بەرنامەی سیاسی دارژراون و بەڵێنێکی زۆر دراون، بەڵام لە واقیعدا کەم کار کراوە، دەبووایە، بەڵێن و گفتووگوکان، پاشان وورد کرابانەوە و کاریان لەسەر کرابان.

لە پڕۆسەی دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستاندا، دەبێت کار بۆ چەند مەسەلەیەکی گرینگ بکرێت، و لەو پڕوسەیەشدا چەند لایەنێکی دیارکراو و پسپۆر بەشدارن، و هەمووشیان تەواوکەر و بەرپرسن لەو هەڵمەتە گەورەیەدا.

پێشەکی، لە چوارچێوەی وەزارەتی پلاندانان و ئابووریی کابینەی نوێی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستاندا، دەبێت کار و بەرنامەکان بە ئاراستەیەکی نوێ و مودێرن بکرێن کە بگوونجێت لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلوژیا لە جیهاندا، دەبێت بەتایبەتی لەو وەزارەتانەدا، پەیڕەوی شێوازێکی مودێرن لە بەڕێوەبەرایەتی بکرێت ( Management )، وە بەهاماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و حکوومەت بە گشتی، بەدانانی کەسایەتی و پسپوڕو و کارمەند و کادیری لێزان بەرنامەکان ئەنجام بدرێن و بۆ هەموو کارێک و پرۆژەیەک پێشتر لێکوڵینەوەی لەسەر بکرێت، نەوەکوو وەکوو تاوەکوو، ئێستا دەکرێت، تاوەکوو ئەمرۆکە سیماکانی ئەو بەرەو ڕوو بوونەوە گەورەی شارستانییە لە جیهاندا ئاوا بە زەقی بەدەر نەکەوتبوون، بەڵام ئێستاکە، زۆر بەڕوونی دیارە، کورد زۆر دوا دەکەوێت، ئەگەر بەهەمان خێرایی و شێواز ڕێبکەین.، دەبێت گرینگی بدرێت بە پێشکەوتنی شێوازی کارکردن و ئەنجامدانی پرۆژەی ئابووری، لە کوردستاندا، کارکردن و فەرهەنگی کارکردن دیاریکردنی سنوور و ستاتووی کرێکار پێویستی بە یاسایەکی دیاریکراو هەیە، دەبێت لە پەرلەمانی کوردستاندا کاری بۆ بکرێت.

نەبوونی بەرنامەی زانستی، پێشتریش نەبوونی سیستەمێکی ئابووریی بەهێز و مودێرن، زەرەرێکی گەورەی ئابووریمانی پێگەیاندووە، شتێک نییە ناوی سیستەم بێت لە وڵاتی ئێمەدا، بەو واتایەی کە لە ئەوروپادا بەرهەم هاتووە و کاری پێدەکرێت، ( System ) نهێنیەک لە نهێنیەکانی سەرکەوتنی ئابووری ئەوروپا و کومەڵگاکانی ڕوژئاوا، بوونی سیستەمێکی پێشکەوتووی بەڕێوەبەرایەتی و پلاندانان و بەرنامەڕێژیە لە ئابووریاندا، ئەوەی کە لەوڵاتی ئێمەدا بوونی نییە و مخابن لە ئاستی تاکدا مەفهووم نییە.

ئەو خاڵانەی دەبێت بەهێند و گرینگییەوە کاری بۆ بکرێن لە پرۆسەی دروستکردنی ژێرخانی ئابووریی کوردستاندا :

– پێشەکی، وەکوو بەرنامەی نوێی کابینەی حکوومەتی کوردستان، دەبێت سیستەمێکی نوێ لە سەرژمێری گشتی دابمەزرێت لە کوردستاندا، هاوشێوەی ئەو سیستەمەی لە ئیران و وڵاتانی تردا هەیە، بۆ هەر کەسێک، هەر هاوڵاتییەک، ژمارەیەکی تایبەت هەیە، لە ئەوروپا پێی دەڵێن ( Personal Numbe ) لە کوماری ئیسلامی ئێران پێی دەڵێن ( ژمارەی میللی )، ئێمەش دەتوانین ناوی بنێین ( ژمارەی نیشتیمانی ) کە سود و قازانجێکی گەورەی نەتەوەیی هەیە، بەو پێیەش، لە هەموو بوارێکدا سوودی دەبێت لە نەخشەسازی و پلاندانانمان.

– دەبێت کابینەی نوێی حکوومەتی کوردستان، جورئەتی ئەوەی هەبێت، ئەو هەموو خەڵکەی ناونووسکراوانە مووچەخوور و کارمەند و پۆلیس بە بێ ئەوەی کار بکەن و بەرهەمیان هەبێت، دەبێت ئەمری دامەزرانیان پووچەڵ بکرێتەوە و ئەو بارە قوورسە لەسەر شانی بوودجەی حکوومەتی کوردستان کەم بکرێتەوە.

– گرینگیدان بە کەرتی کشتووکاڵیی کوردستان:

لەبیرمان چووە کە وڵاتی ئێمە، جگە لە نەوت و کانزاکان، دەوڵەمەندترین وڵاتی کشتووکاڵین، دەکرێت بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تری هاوشێوەی خۆمان، پەرە بە کەرتی کشتووکاڵ بدەین، سیستەمی دابینکردنی ئاو پەیڕەو بکەین و کوولتووری کشتووکاڵی گەشە پێبدەین، هاوکاری خەڵک بکرێت بۆ گەڕانەوە بۆ گووندەکان، ئەوەی دەبینرێت بەداخەوە، کوشتنی گووندە، خەڵکی گووندەکانمان هانداوە، بۆ ئەوەی شوێن و گوندەکانی خویان جێبهێڵن و ببنە شاری !! بێئەوەی لە شاریش هیچیان بۆ بکرێت؟؟!!

دەبێت پلانی تایبەت بە شارەکان و گووندەکانمان هەبێت، لە دەرەنجامدا، وە بەتایبەتی لە ئیستراتیجیەتی درێژخایەنی ئابووریدا، نابێت هیچ



جیاوازییەک هەبێت لە نێوان گووند و شاردا.. بەهەمان شێوە گووندەکانیشمان هاوشێوەی شار بن لە خزمەتگوزاری و پێشکەوتندا.

– پەیڕەوکردنی شێوازێکی مودێرن لە شێوازی بەڕێوەبردن و پلاندانان لە وەزارەتەکاندا.

– دەبێت بۆ هەموو کارێک و پیشەیەک، قوتابخانە، یاخوود زانیاری ئاراستەکراو هەبن، بۆ ئەو کرێکارانەی تایبەت و پرۆفیشینالن لە کارەکانیاندا، نەوەکوو نەجار ببێتە کاتب و کارمەند لە دائیرەکانی حکوومەت و مەحکەمە و چایچی ببێتە کارمەند لە پرسگەکاندا!!

– بەستنەوەی بواری زانستیی وئەنجامی ئەو لێکولێنەو زانستییانەی زانکوکانی کوردستان و تاوەکوو هەندێک لەو لێکولێنەوە جیهانیانەش ( TheUniversitys Output )

لە هەموو ولاتاندا، زانکو گرینگییەکی گەورەی هەیە لە دارشتنی سیاسەتەکاندا، لە سەرۆکی حکوومەتەوە تاوەکوو بچووکترین کۆمپانیا، هاوار بۆ دەرەنجامە زانستییەکان دەبەن، لە پرۆسەی نەخشەکێشانی بەرنامەکانیان، تەنیا لە کوردستان نەبێت، زانکوکان هیچ سوودێک و ڕولێکیان نییە، بەلکوو بەپێچەوانەوە، زەرەریان هەیە، بەداخەوە، هەر لە لیژنەکانی زانکۆ تاوەکوو بەشە جیاجیاکانی کۆلیژەکان، بەداخەوە هیچ ڕولێکیان نییە لە پێشکەوتنی زانستی و فەرهەنگیدا.

– باشکردنی ڕێگاکانی هاتووچوکردن لەناوەوەی ولاتدا (Logistic )،ئیستاکە پێویستە بەرنامە ڕێژی بکرێت بۆ باشکردن و چاککردنی ڕێگاکانی هاتووچۆی ئاسمانی و زەوی لە کوردستاندا، ئەو ڕێگایانەی تاوەکوو ئیستا هەن، لەوانەیە بۆ ئەو قوناغە نوێیە دەستنەدەن. کردنەوەی ڕێگای نوێ لە نێوان شارەکان و دروستکردنی هێلی شەمەندەفەر و ڕێگای ئاسمانی، ئابووری و کومەلگای کوردستان، بەرەو قوناغێکی پێشکەوتوو دەبەن.

هەروەها ئامرازە تەقلیدییەکانی هاتووچۆ کردن و بەستنەوەی کوردستان بە ولاتانی دەورووبەر، گۆڕانکاری تێدا بکرێت و باشتر بکرێن، بەتایبەتی لەگەل تورکیا و کۆماری سووریادا، بە دروستکردنی پردێک لە نێوان کوردستان و سوریادا، و هەروەها تورکیا دەتوانێت هاوکاریمان بکات بۆ باشترکردنی ڕێگاکانی هاتووچۆمان، بەشێوەیەک بێت بووەشێتەوە لەگەل پێشوەچوون و پێشکەوتنی مروڤایەتی و ئاستی پێشکەوتووی تەکنەلوژیا، و لێرەش کار و بەرنامەی سەرکردایەتیی سیاسی کوردستانە وەکوو داواکارییەکی فەرمی کاری بۆ بکەن.

– خالێکی تری گرینگ خۆی لە نەبوونی سیستەمی بانکیدا دەبینیتەوە ( Bank System )

لە ئابووری پێشکەوتوودا، بەتایبەتی بۆ ئەو کومپانیایانەی وەبەرهەمهێنانی بیانی، نەبوونی بانکی گەورە و یارمەتیدەر لە کوردستاندا، گرفتێکی گەورەیە بۆ ئەوان، دیارە ئێستا لە کوردستان، هەمان ئەو بانکانە هەن کە پێشتر لە عێراقدا مولەتیان پێدراوە، بەلام لە کوردستان، چەند بانکێکی تریش هەن، بەلام خەلکی بەگشتیی نایاننا‌سن و بڕوایان پێنەکردوون !! ئەوەش بە بڕوای ئێمە لەبەر نەبوونی زانیارییە، دەبووایە کاری ژووری بازرگانی بوایە، کە هەموو لایەنێکیان لێوە ئاگار بکردبایە. لێرەشدا دەبێت حکوومەت، گرینگی بەو بانکە کۆنانە بدات یارمەتیان بدات بۆ ڕاپەڕاندنی کاری گەورە و گرینگ لە بوواری هەناردن و هاوردنی پارە بۆ دەرەوەی کوردستان. جۆری خزمەتگوزارییەکانیان باشتر بێت وەکوو ئەوەی لە ئابووری ولاتانی پێشکەوتوودا هەن.

– فەرهەنگی کارکردن: بەداخەوە، ئەگەر سەیرێکی بازاڕ و کومەلگای کوردستان بکەین، چەند کار و چالاکییەکی ئابووری هەبوون پێشتر بۆ نموونە ( لۆبیافرۆش، سەمون فرۆش و سبووغچی و حەمامچی و فروشیاری گەرۆک و چایخانەکان... ) هیچیان نەماون ئێستاکە، کەسیش کار ناکات، بەشی هەرە زۆری خەلک ناونووسکران و بوونەتە کارمەند و پۆلیس، لەمالەوە مووچەی هەیە و ئێوارانیش لە شۆستەکان پیاسە دەکەن !!

دەبێت حکوومەت بەدوای هەیبەتی خۆیەوە بێت، نەکەوێتە هەلەی گەورەوە، بۆ نموونە : ئەو هەلمەتە گەورەی دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆری کارمەند و مووچەخۆرانەی کوردستان، گەورەترین هەلەی حکوومەتی کوردستان بوو، ئێستاکە خەلکانێکی زۆر هەن، لە جیاتی موچەیەک سێ مووچەی هەیە و لە لاوەش کاری تر دەکات و چینێکی گەورەی گەنجان بوونەتە پێشمەرگە و پولیس، بێ ئەوەی هیچ سوودێکی ئابووری و کومەلایەتیشیان هەبێت، جگە لەوەش وەکوو قورساییەکی گەورەش لەسەر شانی بوودجەی حکوومەتدا دروست بوون.

دەبێت کار بۆ ڕێککردنی نەخشەکێشانی چین و توێژەکانی کومەلگا بکرێتەوە ئەوەش کاری وەزارەتی نەخشەکێشان و وەزارەتی کاری کوردستانە.

– گرفتێکی گەورەیەی ئابووری کوردستان، ئەو دابەشکردنە جوگرافییەیە کە کوردستان پێیەوە دوو جار دەنالێنێت، ئەویش ئەوەیە کە ولاتانی بیانی کاتێک ئاموژگاری و هاوکاری کومپانیاکانی خۆیان دەکەن، هەمیشە کوردستان و عێراق وەکوو یەک ولات سەیر دەکرێت، ئەمەش زور گرفتی گەورەی درووست کردووە، لە هەموو ولاتانی بیانی، کومپانیای تایبەت هەن، کە کاریان تایبەتە بە دەرکردنی (ڕاپۆرتی ووردی ئیستراتیجی لەسەر ولاتان )، بە ووردی بە ڕوونی زانیاری لەسەر مەسەلەی نرخ و سوود و قازانج و لێکدانەوەی ووردی تر، مەسەلەی ئەمن و ئاسایش و بارووودخی ئەمنی ولاتان بەیان دەکەن..

لێرەدا تاوەکوو ئێستاکە، کاتێک باس لە عیراق دەکرێت، باس لە نەبوونی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی دەکرێت، بە هیچ شێوەیەک ئاموژگاریی هیچ کۆمپانیایەک ناکەن، بۆ ئەوەی بچن لە کوردستان و عێراق بە گشتی کار بکەن و پڕوژە ئەنجام بدەن.. لە بەر ئەوەیە، دەبێت ئێمە لە ئاستی سەرۆکایەتیی سیاسی کوردستان، وەزارەتی دەرەوەی عیراق، نوێنەرایەتییەکانمان لە دەرەوەی ولات، دەبێت کار بۆ گۆڕینی ئەو دابەشکردنە جوگرافییە بکرێت، کوردستان لە عێراق جیابکرێتەوە، دەبێت بارووودۆخی تایبەتی کوردستان و ئاسایشی ناوچەکە و پێشکەوتنی ئابووریی و فەرهەنگی و جڤاکی ڕوونبکرێنەوە و سوومەندبن لە بەشداریکردن و هاوکاریکردنی ولاتان و کۆمپانیا بیانییەکان لە پروسەی دووبارە بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستاندا.

ئەو بنەمایانەی سەرەوە، لە دووئاستی جیادا دەبێت کاریان بۆ بکرێت، ئاستێکیان لەناوەوەی ولاتدا دەبێت وەکوو بەرنامەیەکی نیشتیمانی لە کوردستاندا هەموو لایانێک، هاولاتییان، حکوومەت و ڕاگەیاندن و کومەلگای ڕێکخراوەکانی مەدەنی، زانکۆ، پێکەوە و بەهەماهەنگی بەرنامەی بۆ دارێژن، ئاستێکی تریش، لە دەرەوەی ولاتدا، ئەو نوێنەرایەتی و کونسولخانانەی عێراق و ئوفیسی بەرژەوەندییەکانی کوردستان، دەبێت دەوریان هەبێت بۆ گۆڕینی واقیع و بەرەو پێشەوە بردنی کاریان، لەسەر بنەمای ئەوەی کە کوردستان، ناوچەیەکی تایبەت و ئارامە، جیاوازییەکی ڕوونی هەیە لەگەل عێراقی عەرەبیدا، کار بۆ ئەوە بکەن، کە ولاتانی بیانی، دەورێکی کاراتریان هەبێت لە پرۆسەی بنیاتنانی ژێرخانێکی بەهێزی ئابووریدا.

Pirbal@hotmail.com